مەسیقاژەنەکی ڕووسی هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕە بەخۆکەرەکەی کرد

مەسیقاژەنی ڕووسی «ئیسلە چیژڤسکایا مەنگالیم»ی تەمەن 53 ساڵ لە ئاهەنگێکی خێزانیدا لە تاتارستان لە ڕووسیا هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕە بەخۆکەرەکەی «دانی چیژڤسکی» تەمەن 22 ساڵ کرد.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی "Mirror"ـی بریتانی، "ئایسلە دانیال لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لە هەتیوخانەیەکەوە لەلایەن مامستای مەسیقا ئیسلە چیژڤسکایا کە کاری لە هەتیوخانەکە کردووە، بەخێوکردنی کردە ئەستۆ".

ئیسلە بە میدیا ناوخەیەکانی ڕاگەیاند کە پەیوەندییە ڕەمانسیەکەی (خۆشویستی) لەگەڵ دانیال دەستی پێکرد کاتێک بەخێوکردنی گرتە ئەستۆ و بردی بە ماڵەوە، وتیشی: "پەیوەندییەکەمان تەواو، ناتوانین بەبێ یەکتر بژین، هەردووکمان لە هەمان شێلداین".

دوای ئەوەی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی ئیسلە بڵاوکرایەوە، بەرپرسانی چاودێری منداڵان پێنج منداڵی دیکەیان دەستبەسەردا گرت کە پێشتر ئیسلە لە هەمان هەتیوخانە بەخێوکردنیان لە ئەستۆ گرتبوو، چوار کچ و کوڕێک.

ئیسلە بە تەواوی بڕیارەکەی بەرپرسانی چاودێری ڕەت دەکاتەوە و جەخت دەکاتەوە لەوەی کە هەوە دەدات منداڵەکانی بگەڕێنرێتەوە و بیانبات بە مەسکە، لەوە دەتوانن بە ئازادی بژین.